# بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای دوکانو گازەندەی خەڵکی

زانا دوکانی

یەکێك لەو هێمایانەی لە پێشەوەنو گشت هێڵە تەریبەکانی خزمەتگوزاری گشتی بەسەردا دەکێشرێت. رادەی هەڵوێست وەرگرتنی خەڵکە لە بەرامبەر ناسروشتیو خراپی جوڵانەوەی کارو فرمانەکان، کاتێکیش لەلایەن دەسەڵاتەوە پێشوازی لە هەڵوێستەکانی خەڵك بکرێتو بە وردی شەنو کەوی رەخنەو پێشنیارەکانی میللی لێکبدرێتەوەو وەك کاردانەوەیەکی باشو چاوگی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگاو چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی سەیر بکرێت. لە خوێندنەوەیەکی وەهادا ئەوسا هەست دەکەین رایەڵەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی فۆرمەڵە دەبنو سەرجەم کاروانەکە بەرەو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ هەنگاوەکانی ئاراستە دەکات. ئێمە وەك کورد بڕوامان بەو کۆمەڵگایە بە ئاستی بڕوا بوونمانە بە هەڵوێستی تاك لە بەرامبەر کۆدا ئەمەش دەبێ بە سەرەتایەکی دژواردا تێپەڕێت. ئەگەرچی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە ئاسان نییە، بەڵام ناشکرێ ئەو دەرگا داخراوانەی لە بەرامبەر کاروانی خەباتی بە یاسایی کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا وەك بەربەست ماونەتەوە وەك سوننەتی ئەمری واقیع سەیر بکرێنو نەکرێنەوە.

ئەوەی قسەی لەسەر دەکەم یەکێك لەو بەڕێوەبەرایەتییانەیە کە فۆرمو ناسنامەی ماهیەتەکەی بریتییە لە بەخشینی رووناکی بە خەڵك ئەو پەیامە گرنگەشی دابەش کردنی کارەبایە. بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا لە دوکان سەرەتای مانگی ئایار، خۆیان شاهێدی ئەو هەموو سکاڵاو گازاندانەن کە لەلایەن خەڵکەوە رووبەڕووی بوونەوە، لەوانەش:

1- چۆنێتیو چەندێتی پسوولەکان کە دەدرێنە هاووڵاتیان بۆ پارەی کارەبا.

2- دوای تێپەڕبوونی یەك ساڵ قەرزی مانگی ئایاری 2000 گوایە لەسەر خەڵك ماوەتەوە.

3- قەرزەکان پاش وردەکاری دەردەکەوێت زۆربەیان راست دەرناچنو خاوەن (وصل)ەکە پارەی لەسەر نابێت.

هاوکات لەگەڵ زیاد بوونی گازەندەی خەڵك، فەرمانبەران خۆیشیان هەست بە بوونو روودانی گەندەڵییەکی ئیداری دەکەن، تەنانەت لە پەرێشانیدا یەکێك لەو فەرمانبەرانەی فشاری گازەندەی خەڵك لە فەرمانگەکەدا دەبینێت گوتبووی کێشەی ئەم دائیرەیە زۆر گەورەیەو تەنانەت بە سەرەوەش چارەسەر ناکرێت!! بوونی ئەو کێشەیە پێش ئێستا بووبێت یان ئێستا ئەوەیە کە:

1- فەرمانگەکە چاکسازی بکرێتو فەرمانبەرانو خەڵکی ناوچەکە لەو پشێویە رزگار بکرێن.

2- پسوولەی فەرمانگەکە تایبەتو مۆرکراو بێتو خەڵك بزانێت رەسمییە.

ئومێدەوارین ئەو (تدقیق اداریە)ی قسەی گەرمی لەبارەوە دەکرێت بتوانێ هەموو ئەو لەمپەرانە بشکێنێت کە تائێستا شوورایەك بون بۆ پاراستنی مشەخۆرانو لایەکیش لە فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبا لە دوکان بکرێتەوە.

# لەئۆردوگای تۆبزاوە تەلەکان دزرانوقوتابیەکیش کارەبا گرتی

مزەفەر شێخ شەرەوای

کۆمەڵگای تۆبزاوە لەئەنجامی ئەنفالە بەدناوەکەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا دروست بووە. ئێستا زیاتر لە (3) تا (4)هەزار کەسی تێدا دەژیودەکەوێتە دەشتی بەڕانەتی سەر بەناحیەی خەباتەو،خەڵکەکەی هەژارو نەدارن،خەڵکی ناوچە تەعریب کراوەکانی کوردستانن بەتایبەتی خەڵکی دەشتی قەرەچوغو کەندێناوەو شەمامكو شوانو شێخ بزێنیو ساڵەین. دوای ئەو شەڕە ماڵوێرانکارییەی کوردستانی گرتەوەو، دابەش بوونی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ئیدارەداو، ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی کە بەسەر گەلەکەمان سەپێنراوە،بێگومان زەرەرو زیانێکی زۆری بەگەلەکەمان گەیاند.یەکێك لەو زیانانە تەزووی کارەبایە.دوای ئەوەی کارەبا لەلایەن فەرمانگەی کارەبا کرا بەچوار ئەمپێر بۆ هەر ماڵێك. دوای ئەوە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای ناحیە هەڵسان بە دانی تەزووی کارەبا بە بیرە ئاوەکانی کۆمەڵگای تۆبزاوە، بێگومان ئەمە جێگای دەست خۆشیە بەڵام بەداخەوە شەوی 9-2001/4/10 دەستەیەکی نەفس نزم هەڵسان بەدزینی تەلی کارەبای نێوان کۆمەڵگای تۆبزاوەو ناحیەی خەبات لە ئەنجامدا بەیینیشەش عامودیان دزی ئێستا نیوەی ئەم کۆمەڵگایە بێ ئاوە کە چی تا ئێستا چاك نەکراوەتەوە، بگرە زیانی لە مەش گەورەتر کە لە رۆژی 2001/4/14. لە رۆژی فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکانی ناحیەی خەبات قوتابییەك لە تەمەنی چواردە ساڵی بە ناوی (سەرکەوت ئیدریس) کە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە بووە قوربانی ئەم تەل دزینە ئەویش بە هۆی ئەوەی وەکو هەر قوتابییەك بۆ بەشداری کردن لەم فیستیڤاڵە بەرەو ناحیەی خەبات دەڕوات لە رێگا چاوی بە یەکێك لە تەلە بچڕاوەکان دەکەوێت بەسەر عامووەدەکەوە شۆڕبۆتەوە ئەویش بەر لە هاوڕێکانی خۆی پێوە دەکات لەکاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ یەکسەر کارەبا دەیگرێتو دەیکوژێت بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمی دائیرەی کارەبایی ناحیەی خەباتە چونکە دوایی چوار رۆژ لە دزینی تەلی کارەبا کە هەڵنەساون بە هەڵگرتنەوەی تەلەکە بۆیە داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین کە ئەم تاوانە بە فیڕۆ نەڕواتو قەرەبووی باوکی سەرکەوت بکەنەوە تەلی کارەبا کە چاك بکەنەو، چونکە ئێستا کۆمەڵگای تۆبزاوە زۆربەی بیرەکانی لەکار کەوتووەو خەڵکەکە زۆر بێ ئاون.

دیسان تاقمێك دزی تر رێك دەکەون بۆ دزینی سرکێتی کارەبا بۆیە لە شەوی 12-13 هەڵدەستن بە دزینی 12 سرکێت6 دانە لە پێش ماڵەکانی بنکەی پۆلیسی تۆبزاوە-6- دانەکەی تریش لەناو برادۆستییان بێگومان لەم دزینەش هەر خەڵکی هەژاراو فەقیر دەبنە زەرەرمەند ئەویش بە هۆی کرینەوەی سرکێتەکان بۆیە داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین کە بەزووترین کات تاوانباران دەستگیر بکەن بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی هەژار تووشی زەرەو زیان نەبێتو ئەم دیاردە ناشرینە دووبارە نەبێتەوە. داوا لە لایەنە پەیوەندی دارەکان دەکەین کەوا رێگای ناوەڕاستی ئەم کۆمەڵگایەمان بۆ چاك بکەن، چونکە ئەم رێگایە زۆر خراپ بووە ئەویش بە هۆی قەرباڵغیو هەڵکەندنی لەلایەن خەڵکەوە بۆ ئاو راکێشان تێك چووە.

لە کۆتایی داوا لە بەرپرسان دەکەین کە کۆمەڵگاکەمان فەرامۆش نەکەن.

# ئەو ژنەی کە گیانی سەدان مرۆڤی لە مردن رزگار کردووە

ئا: مامۆستا بەرهەم چۆمانی

ئەگەر چاوێك بەرەوڕەوەی مێژوودا بگێڕینو کەمێك بەرەو رابردوو بگەڕێینەوە چەندین ناوی هەمەڕەگەز دەبینین کە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ناویان دەدرەوشێتەوەو تاریکی ژیان رۆشن دەکەنەوە... هەر چەندە جیهان زۆر جار وەك شەوە زەنگێکی هەمیشەیی تاریك خۆی پیشان دەداتو دێتە بەرچاو بەڵام لە هەمانکاتیشدا تاریکی هەموو جیهان ناتوانی روناکی مۆمێك ون بکاتو هەمیشە سوپای روناکی لەشکری تاریکستان راو دەنێن...

جا زۆر مرۆڤ لە مێژوودا هەن کە بەرێگای جۆراوجۆر لە هەوڵو کۆشش بوونە بۆ رۆشن کردنی رێگای ژیانو رازاوە کردنی گوڵی زیندەگی، بێگومان ئافرەتی کوردیش دەوری کاریگەریان هەبووە لە خزمەت کردن بە ژیانو وەك پێشمەرگەیەکی وەفاداری ژیان بەرێگای هەمەجۆر لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بوونەو خاتو خانزادی میری سۆرانو حەبسە خانی نەقیبو زەکیا ئەلکان گەواهی ئەم راستیەنو کورد گوتەنی (مشتێك نمونەی خەروارێکە).

بێگومان زۆرن ئەو مرۆڤ دۆستو پسپۆڕو شارەزایانەی کەتاکو ئێستاش خزمەت بە کۆمەڵی کوردی دەکەنو لە لوتکەی هەرەسو نائومێدیەوە پەلکێشی گۆڕەپانی سەرتای ژیانێکی پڕ ئومێدو خۆزگەیان دەکەنەوە...

جا دەست و پەنجەیەك کە گیانی سەدان پەپوولە لە دێوەزمەی مەرگ رزگار بکات ئەبێ چەند بێگەردو بێ خەوشو چەند پاكو فریشتە ئاسابن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ لە کلاو رۆژنەی ئەم بابەتە بچکۆلانەیەدا! دەری بڕم، ناساندنی ئافرەتێکی کوردە رۆشنکەرەوەی رێگای ئومێدی سەدان دایكو باوك بووەو وەك باخەوانێکی دڵسۆزو میهرەبان لە باخی ژیان بەدەست و پەنجە ناسکەکانی سەدان خونچەی ئاو داوەو سەرتای ژیانێکی بە ئومێد بەرو شادومانی بۆ نەخشە کێشاون.

خاتوو (حلیمە) کە ئافرەتێکی هەست ناسكو بە بەزەیی کوردەو دانیشتوی گوندی (سەنیڵی) دۆڵی باڵەییانەو یەکێکە لەو ئافرەتانەی کەماوەیەکی دوورو درێژە کاری دایکایەتی (مامانی) دەکاتو بە جۆرێك کە زۆربەی خەڵکی باڵەییان بە دەستی ئەم ئافرەتە بەڕێزە ناوکیان بڕاوە بە تایبەتی گەنجو منداڵەکان.

خاتو حەلیمە تەمەنی (65)ساڵەو بەڵام ئێستاش وەك کچێکی رازاوەو شۆخ دێتە بەرچاو دەربارەی کاری دایکایەتی چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو بەم شێوەیە هاتە دوان:-

لەتەمەنی (21) ساڵی دەستم بەم کارە کردووەو ئەوی زیاتر منی هاندا کە کاری مامانی بگرمە ئەستۆ ئەوە بوو کە باڵەیان شوێنێکی لاتەریكو دوورە دەستە لە جادەو رێگاو بانو نەخۆشخانەو خزمەت گوزاری تەندروستی هەروەها دوورە لەشارو هەرێمێکی چیایی سەختەو بە زەحمەت دەستی دکتۆری دەگاتیو رەنگە زۆر جار لە ئەنجامی خراپی رێگاو بانو کەمی هۆیەکانی گواستنەوەو دوورە نەخۆشخانە بوونەتە هۆی گیان لە دەستدانی ژنە دووگیانەکە یان کۆرپەلەکە.

هەروەها بارودۆخی ناوچەکەمان هەر لەشەستەکانەوە نالەبار بووەو بە هۆی شەڕی حکومەتی عێراقی لەگەڵ کورد ناوچەکەمان دابڕاوە لە خزمەتگوزاری تەندروستیو هی تر.

جا لەبەر ئەوەی کە بتوانم بەشێکی کەم لە ئێش و ئازاری خەڵك کەم بکەمەوە وەك ئافرەتێکی خاوەن باوەڕو بە سوتان لە پێناو گەلەکەمدا بیرم لەوە کردەوە کە رزگار کردنی گیانی سەدان منداڵ پێویستی بە هەوڵو کۆششی منیش هەیە لە سۆنگەی بڕوا بوون بە تێکۆشانی ئافرەت شان بەشانی پیاوو بەشداری بوون لەموعاناتەکانی ژیانو هەوڵدان لە پێناو بوژاندنەوەی خونچەی ژیان

بۆیە لەوساوە تاکو ئێستا زیاتر (180) ئافرەتم لەم کارە رزگار کرووەو کاری دایکایەتی و منداڵ بوونم بۆیان ئەنجام داوەو گوندەکانی دۆڵی باڵەیان بە گشتی کە (15) گوند دەبنو هەرسێ گوندەکانی (سەرنیێڵو چۆمسەكو وەسان) بە تایبەتی لەکاتی لەدایك بونی هەر منداڵێك من کاری لەدایك بونەکەم بۆ ئەنجام داونو ئێستا زۆربەی هەرزەکارەکانو منداڵان هەر هەموویان بە دەستی من ناوکیان بڕاوە.

خاتو حەلیمە لە کۆتاییدا هیوای خواست کە هۆیە خزمەت گوزاریەکان زیاتر پەرە پێ بدرێن کە لە باڵەیانی باڵەکایەتیو دونیایەك بەختەوەرە کە توانیویەتی ئەم کارە مرۆڤایەتییە بگرێتە ئەستۆ.

# کارکردن بە ئامێری پێشکەوتوو بۆ درێژەدان بە پێشخستنی کشتوکاڵ

ئەحمەد حامد



ئەمە ناونیشانی چەند - محازەرە- یەکە بەڕێز(تیۆدور- فرەدریك-) شارەزا لە بواری کشتوکاڵدا لە ریکخراوی - فاو- رۆژی 2001/5/3 لە هەولێر داویەتی بۆ ژمارەیەك کەسانی پەیوەندیدار بە کشتوکاڵەوە، - رەسمیو نارەسمی-ە کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانەوە بانگ کرابوون بۆ ئەو مەبەستە..

ئەم ناونیشانە، کە کردومانە بەسەر دێری ئەم بابەتەمان. دیوی دەرەوە دڵخۆشکەرە، بەڵام دیوی ناوەوە، ناوەڕۆکەکەی، تەنها قسەی رووتەو کوردیش وتوویەتی: قسەی رووت ناچێتە ناوگیرفانەوە: هەر چەندە ئەو مامۆستایە بەگیرفانی خالی نەگەڕاوەتەوە.. چونکە وەك لەمەودوا بۆمان دەردەکەوێ. بۆچوونەکانی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆیی کوردستاندا ناگونجێ.

کورد ئەڵێ: مشتێك نموونەی خەرواریکە.

با ئێمەیش ناحیەی سەرچنار بۆ ئەم مەبەستە بکەینە نموونە. بە پێی ئەو زانیاریانەیی لەبەر دەستایە، نزیکەی (600) شەش سەد تراکتۆر لە جۆری(عەنتەر+فورگەسن) لە گوندەکانی ئەو ناحییەدا هەیە. بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەم تراکتۆرانە، تەنها یەك فیلتەری وەرگرتووە. ئەویش لەگەڵ مودیلی تراکتۆرەکەدا ناگونجێ. ژمارەیەکی تری زۆرکەم تەنها یەك تایەی وەرگرتووە، لەوانەش کەمتر دووتایە بچوکەکەی پێشەوەیی وەرگرتووە. ژمارەیەکی تر تەنها (سیمی کلاجی)ی وەرگرتووە. بەڵام زیاد لە (250) تراکتۆر هەر هیچی وەرنەگرتووە.. ئەمە لەوکاتەوە کە فاو لە هەرێمی کوردستاندا دەستی بەکار کردووە تا ئەمڕۆ ! ئا بەم شێوەیە ترکتۆرەکان یارمەتی دراون تا بەردەوام بن لە کارکردندا!

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك تراکتۆری- فورگەسن- هێنراوە هەندێکی دراوە بە وەزارەتی کشتوکاڵو ئەویش بەکرێ دەیدات بەجوتیارەکان. ئەمەیان کارێکی باشە بەڵام ئەم مامۆستایە ئەڵێ: باشتر وایە. تراکتۆرو ئامێری نوێی کشتوکاڵ بفرۆشرێت بە خاوەن مولكو پارەکان بدرێنە وەکیل بۆ ئەو کۆمپانیایەی کە بۆ مەکینەکانی بواری کشتوکاڵو پارچە یەدەگەکانی، دادەمەزرێو ئەوان بیفرۆشنەوە یان بیدەن بە کرێ بە جوتیارەکان.. واتەلە لایەکەوە نایەوێ. بەڕێوەبەرایەتی بەکرێدانی ئامێرەکان. لە وەزارەتی کشتوکاڵدا بمێنێ کەکەرتی سەرمایەدرای لە کوردستاندا دابمەزرێنێ بۆ ئەوەیی جوتیارەکان زیاتر بروتیننەوە. چ لەکاتی فرۆشتنەوەی ئامێرکان چ لەکاتی بەکرێدانیاندا.

هەروەها دەڵێن: لەپاریزگای سلێمانیدا نزیکەی 30- کۆمپاین- هەیە. گوایە تایەی گەورە لەلایەن (فاو)ەوە هێنرا بۆ ئەم کۆمپانیانە. بەڵام دەرکەوت کە هەر هەموو کونو ستۆك بووە. لە رۆژنامەکاندا وەك دێتەوە یادم لە کوردستانی نوێدا، لەسەری نوسرا. دوای ئەوە لێژنەیەکی هەمەلایەنی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، بۆ دروست کراو سەلمێنرا کە بەکەڵك نایەتو وەك باس دەکەن تا ئێستاش لە قوژبنی عەمارەکاندا فرێ دراونو کەسێك نەی پرسیەوە ئەوە چییەو بۆچیو کێ لێی بەرپرسیارە؟!

ئەو مامۆستایە. زۆر باسی سودی کشتوکاڵی تاکەکەسی کردووە. کە دەبێ برەوی پێ بدرێ.. بێگومان ئەوتاکە کەسانەی کە بتوانن ببنە خاوەنی تراکتۆرەکان کومباینو ئامێرە پێویستەکانی تر. ئەوە مەگەر بەتاكو تەرا لەم وڵاتەدا دەست بکەون.

لەلایەکی تریشتەوە زۆربەی جوتیارەکانی کوردستان بە کشتوکاڵ کردنو زەویەکانیان مەحرووم دەکاتو دەبێ ببنە کریکار لەلایی ئەو سەرمایەدارو خاوەن مولکە نوێیانەو ئەم بۆچوونەش بەروبوومیی کشتوکاڵ بەرو دواوەوە دەبا.

لەلایەکی ترشتەوە تاقی کردنەوەی ساڵانی پێشوو بە تایبەتی هەشتاکان چ دەوڵەتی، زۆر کۆكو رێكو پێكو بەرهەم ترە لەکشتوکاڵ کردنی تاکەکەسی ئەوە هەموو راوبۆچوونو پێشنیارەکانیئەو مامۆستایە بوو. جا هەربەم بۆنەیەوە. دەبێ ئەوەش بوترێ. کە ئەو کەلو پەلە یەدەگانەی دەهێنرێ. گوایە بۆ تۆکمەکردنەوەی تراکتۆرو ئامێرەکانیتریکشتوکاڵ،هیچیان لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەیەکیزانستانە نەهاتووە،واتە نەهاتوون سەر ژمێری تراکتۆرو کومباینەکانو جۆرو مۆدێلەکانیان بکەن پێداویستەو ناتەواویەکانیان دیاری بکەن. ئەوسا ئەو تایەو پێداویستیانە بەپێی ئەو سەر ژمێرو لێکۆڵینەوانە بکەنو دابەش بکەن. نەك وەك تایەی کومباینەکان هەموو ستۆك بێت. یان پارچە یەدەگەکان بۆ ئەم مۆدیلانە بەکار نەیەت.. چونکە زۆر جار رووی داوە بە نرخی 500 دینار پارچەی یەدەکی تراکتۆر دراوە بەکابرایەکی جوتیار.بەڵام بەکاری مۆدیلی تراکتۆرەکەی نەهاتووە، پێیان وتووە دەتەوێ هەر ئەوەیە، ناتەوێ هەر ئەوەیە!! ئیش کردن بەم جۆرە کەناو نراوە یارمەتی دان، لە راستیدا تەفرەدانو پووس کردنە لە چاوی خەڵکی بۆ ئەوەیراستییەکان بەدی نەکەنو هەرگیز بەم شێوەیە کشتوکاڵ پێش ناکەویو مەکینەو ئامێرەکانیشی ناکرێنە هۆکارێکی کاریگەر بۆ درێژەدان بە پێشخستنی کشتوکاڵ.

# (قڕگە) ئەو گوندەیە کە هەمیشە فەرامۆش کراوە!

زانیار سەردار قڕگەیی

گوندی قڕگەی ئازیز لە بناری چیای گۆیژەیە کەوتۆتە باکوری رۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە تەنها چەند کیلۆمەترێك دوورە لە شارەوە، ئاشکرایە ئەم گوندە ئازیزە وەك زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان دەستی دوژمنانی گەیشتۆتی لە ناو ئاگری قینو بوغزی دوژمناندا چەند جار هەڵقرچاوەو بۆتە دوکەڵی رەشو هەڵکشاوەتە ناو ئاسمانی کوردایەتی قڕگە زیاتر لە چوار جار ئەم سووتاندنەی دیتووە هەموو جارێك پاش سوتاندنی سەر لە نوێ لە جێگەی خۆی لەلایەن دانیشتوانیەوە ئاوەدان کراوەتەوە.

سووتاندنو کاول کاریو ئەنفالی رۆڵەکانی بە خۆیەوە دیووەو دوژمنانی گەل بەوەشەوە رانەوەستاون هێندە داخ لە دڵ بوون لە هەمبەری دا بە فرۆکەی جەنگیش جارێك بە خەستی بۆردومان کراو بووە هۆی شەهید بوونی چەندین کەسی بێ تاوانی پیرو منداڵو لاوی بێ گوناهو بریندارکردنی چەندین کەسی مەزڵومی تر کە لەو کاتەدا ئەو خەڵکە سەر گەرمی پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بوون وتەنانەت لە نەخۆشخانەش بریندارەکانیان چارەسەو تیمار نەدەکردنو چەندین لاویش لەو بریندارانە بە دەرزی ژەهراوی کوژران چونکە گوتویانە کە لەلایەن عێراقەوە بۆردومان کراوین.

لەم کاتەدا کە تەواوی گوندەکانی کوردستان ئاوەدانیەکی باش بە خۆوە دەبینێت بەڵام گوندی قڕگەی ئازیز بە پێچەوانەوەیەو مخابن بۆتە قوربانی کارەساتی شەڕی نەگریسی ناوخۆو بێ بەشە لەو بەرنامەو هەڵمەتی ئاوەدانکاریەو لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە فەرامۆش کراوە، وەلێ لە باتی چارەسەکردنی گرفتەکانیانو بەجێ گەیاندنی داخوازیەکانیان ئەم گوندە قەشەنگو خزمەت گوزارو ستراتیژەی پێشوو فەرامۆش کراوەو ئاوڕی لێ نادەنەوە ئەگەر چی گوندەکانی دەوروبەی ئاوەدان کراوەتەوە بەڵام خودی ئەم گوندە تەواو پشت گوێ خراوەو هیچ یارمەتیەك نەدراوە.

بۆیە پێویستە کە بە شێوەیەکی فراون دەستی ئاوەدان کاریو بوژاندنەوەی بگاتیو بێبەش نەبن لەو پرۆژە خزمەت گوزاریانەی کە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.